# کێ دەبێتە براوە و یەکەمی هەڵبژاردنەکانی تورکیا؟! ... ئا: شکۆ جەمیل

بڕیارە لە (7/22) ی ئەمساڵ هەڵبژاردنەکانی تورکیا ئەنجام بدرێت، ئەم هەڵبژاردنە پێش خراوە بەهۆی تەنگژەی (27) نیسانی ئەمساڵ لە نێوان پارتی داد و گەشەپێدان و دامەزراوی سوپا، بەهۆی کاندیدکردنی (عەبدوڵلا گول) بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار، ئەمەش دامەزراوی سوپای تەواو نیگەران کرد بەوەی عەلمانیەت لە مەترسیدایە، لەگەڵ ئەوەشدا پێشخستنی هەڵبژاردن نێگەرانی حیزبە عەلمانییەکانی لەگەڵدایە، چونکە ئەوان پێیان وایە کە سازدانی هەڵبژاردن لەو مانگە گەرمەدا دەبێتە هۆی ئەوەی کە خەڵکێکی زۆر بەهۆی پشووە بەشداریی هەڵبژاردن نەکەن..

لە هەڵبژاردنی ئەم جارە هاووڵاتی تورکی خۆی لەبەردەم چەند گۆڕانکارییەکی دەستووریدا دەبینێتەوە، مادەی (76) دەستکاری کراوە بە جۆرێك ئێستاکە هەر هاووڵاتییەکی تورکی تەمەنی (25) ساڵ بێت دەتوانێت ببێتە ئەندام پەرلەمان، هەروەك مادەی (77) یش دەستکاری کراوە بەوەی ماوەی پەرلەمان لە (5) ساڵ کرایە (4) ساڵ، پەرلەمانی تورکیا کە بە (ئەنجومەنی گەورەی نیشتمانی تورکیا) ناسراوە، لە (550) ئەندام پێك دێت..

حیزبە بەشداربووەکانی هەڵبژاردن

- پارتی داد و گەشەپێدان بەپێی ڕاپرسییەکان چانسی لە هەموو حیزبەکان زیاترە بۆ ئەوەی ئەم جارەش جڵەوی پەرلەمان بەدەست بهێنێت، پێشبینی دەکرێت (30%) بۆ (40%) دەنگەکان بەدەست بهێنێت، پارتی دادوگەشەپێدان کارتی براوەی لەژێردەستدایە، چونکە لە زەمەنی حوکمڕانیی داد و گەشەپێداندا وڵات لە ڕووی ئابوورییەوە بە شێوەیەکی بەرچاو بووژاوەتەوە، هەروەك توانراوە بە شێوەیەك لە شێوەکان ڕووبەڕووی دیاردەی گەندەڵی ببنەوە..

- پارتی گەلی کۆماری کە ئێستا (151) کورسی، چاوەڕێ دەکرێ ئەم پارتە بەهۆی کێبڕکێی پارتە چەپەکانی دیکە بە هەمان قەبارە نەگەڕێتەوە ناو پەرلەمان، بەتایبەتی پارتی چەپی دیموکراتی بە سەرۆکایەتیی (زەکی سەزەر) و (پارتی گەلی سۆسیال - دیموکراتی) کە (موراد قەرەیالچین) سەرۆکایەتیی دەکات..

- حیزبی نیشتمانی دایك، کە ئەرکان مەمجۆ سەرۆکایەتیی دەکات.

- حیزبی ڕێگای ڕاست کە (محەمەد ئاغار) سەرۆکایەتیی دەکات، ئێستاکە ئەو حیزبە لەگەڵ حیزبی (نیشتمانی دایك) بوونەتە یەك و ناویان بووەتە (حیزبی دیموکراتی)، جێگای ئاماژەپێدانە کە ئەم حیزبە (24) کورسی پەرلەمانیان هەیە..

- حیزبی گەنجان، (جێم ئۆزان) سەرۆکایەتیی دەکات، کە بێزنسمانێکی تورکە، ئێستاکە لە پەرلەمان تەنها یەك کورسی هەیە، زۆر دژایەتیی پارتی دادوگەشەپێدان دەکات..

- حیزبی یەکێتی مەزن، ئەو حیزبە تازە دروست بووە، لە ڕاپرسییەکاندا هیچ شانسێکی ئەوتۆی نییە.

- حیزبی سەعادەت، کە حیزبێکی ئاراستە ئیسلامییە و ڕەجائی کۆتان سەرۆکایەتیی دەکات، ئەویش چانسێکی ئەوتۆی نییە، چونکە پێگەیەکی کز و لاوازی هەیە..

- پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی، کە بە حیزبێکی سەرەکی کوردان دەناسرێت و لەلایەن هەریەکە (ئەحمەد تورك و ئایسەل توغلوك) سەرکردایەتی دەکرێت.. ئێستا ئەو پارتە کوردییە سەرکردایەتیی چەندین شارەوانی لە شار و شارۆچکەکانی کوردستانی باکوور دەکات، چاوەڕێ دەکرێ سەرەڕای ئەوەی بە شێوەی لیست بەشداریی هەڵبژاردن دەکەن، بەنیازن لە دەرەوەی حیزبیش ئەندامانیان بە سیفەتی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 0:45 4-6-2007

سەربەخۆ خۆیان کاندید بکەن بۆ هەڵبژاردن، پارتە توندڕەوەکانی تورکیا ترسیان هەیە لەوەی کە ئەم پارتە بێنە ناو پەرلەمان، چونکە بە پەکەکە وەسفیان دەکەن..

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.